# بابێن دەنگ خۆشەکانی شار بێن



حەمە کاکەڕەش

بەردەوام مەستی گەڕان بوو
بۆ دۆزینەوەی تەرمی باڵندە و گوڵەکان
تەرمی باڵندەو گوڵەکانی دەدۆزییەوە

بانگی هەموو دەنگ خۆشەکانی شاری دەکرد
دەیوت وەرن گۆڵ و باڵندەکان بلاوێننەوە
گۆرانییە خەمناکەکان بڕژێننە  شوێن پێی مەرگەوە
بە کچەکانی دە ووت وەک ڕۆژی بوکێنی
خۆتان لە تەل بدەن و خۆتان بڕازێننەوە
بە منداڵەکانی دەوت وەک ڕۆژەکانی جەژن

جل و بەرگی ڕەنگا و ڕەنگ و ئاڵ و واڵا لەبەرکەن
بە پیرێژنەکانی دەوت
تەمی خەمی سەر لێوەکانتان بتەکێنن و

چاوەکانتا بۆ دوا جار بڕژن و
نینۆکەکانتان بۆیە کەن و
قژی لوولو شێواوتان شانەکەن و
مەمکە چرچ و لۆچەکانتان کەمێ قوت کەنەوە
دەیوت بابێن پیرەمێردە دڵشکاوەکانی ڕۆژانی باران

ئەو پشکۆیانەی بە ئەستەم
گەرمی ژیان لە دڵ و دەستەکانیاندا ماوە

ئەو لافاوانەی لە دڵۆپێک ئاوی کوژراو دەچن
ئەو پیرەمێردانەی هەناسەیان پڕە لە زریان
زریانێکی خامۆش چاوەکانیان پڕە لە تیشک
تیشکێکی سارد،
باڵەکانیان پڕن لە فڕین
فڕینی ڕۆژانی مناڵی
مناڵییەکی بێئۆقرەی دڵشکاو
دڵشکانێک کە هیچ کە سێک پارچەیەکی نابینێتەوە
تا قیامەت
قیامەتێک کە هاتنی لە هیچ و پووچی گوماندا سەرگەردانەو
تاقیامەت هەر دەرناکەوێت وەک قیامەت
با بێن  دەنگ خۆشەکانی شار بێن
دنیا پڕکەن لە گۆرانی
گۆرانییەک دڵی بەردەکان پڕکات لە ئاو
دڵی ئاوەکان ئاگر بگرێ
گۆرانییەک کەمێک دەرەقەتی بێمانایی مردن بێت
کەمێک نیگەرانییەکانی ژیان
بە ئاو پرژێنی  خەیاڵ و سادەیی بسپێرێ
گۆرانییەک توانای کردنەوەی پەنجەرەیەکی هەبێت
بە ڕوویی مردندا
یان پەنجەرەیەک لە دیوارە پانەکانی مردن بکاتەوە
بۆ ئەوەی گوڵ و باڵندەکان بتوانن
لەوێوە ئا لەوێوە شینایی ئاسمان و
سەوزایی باخچە ببینن
هەڵمی دەریاکان و تەمی سەر دارستانەکان ببینن
پیاسەی ئێوارانی دڵە غەمگینەکان و
چاوی پڕ گریانی باران و
شەلەشەلی کزەبای  مەغریب و
شەوی تەنیایی و خۆکوشتن ببینن
فڕینی پرمانای کۆترەکان و
وەڕینی پڕغەمی سەگەکان و

بێدەنگی پر مانای عاشقەکان ببینن،
بابێن دەنگخۆشەکانی شار بێن
سۆزی دەنگیان بڕژێننە خامۆشی تەرمەکانەوە
بابێن ئەوانەی ئەهلی عەشقن
ئەوانەی تەنیایی لایەک لە دڵی خواردوون
تەنیایی وەک تەمێک تروسکەی سیمایان دادەپۆشێ
بەسەر تەرمی گوڵ و باڵندەکانەوە دەگریا دەگریا
پێدەکەنی هاواری دەکرد ،
دەیوت : ئێستایش ئەو ئێوارەیەم لەیادە
وەک چۆن ئەم تەرمانەم لەیاد ناچنەوە
ئاوا ئەو ئێوارەیەم لەیادە
ئێوارەک بوو پڕ ئاشوب پڕ ترس
پڕ نیگەرانی و سەرگەردانی
ئا لەو ئێوارەیەدا بوو گوڵێک لە لێوەکانم ڕواو
باڵندەیەک منی لە سەر باڵەکانی داناو فڕی بۆ ئاسمان
لەو کاتەدا واهەستم دەکر من لە نەوەی باڵندەو گوڵەکانم
یان بە منداڵی بە شوێن پێی باڵندەکاندا ڕۆیشتووم
لە گەردەلوولەکاندا بۆ پەڕی باڵە شکاوەکان و
گوڵە وەریوەکان گەڕاوم .